# خۆپیشاندانی کوردەکان لە سویسرا

ئەمرۆ ٧ / ٣ /٠٣ بە دەست پێشخەری ناوەندی هاوکاری کورد لە سویسرا و مەلبەندی کولتوری کورد لە بێرن خۆپیشاندانی کوردان بەڕێخرا. ئەوەی کە جێگەی سەرنج و دلخۆشکەر بو، بۆ یەکەمین جار کوردەکان بەبێ ڕەچاوکردنی مەیلی سیاسی و حیزبی کۆبونەوەو نارەزایەتیان بەرامبەر هەڕەشەکانی ڕژێمی فاشستی تورکیا دەربڕی، پێشەنگی خۆپیشاندەران ئالایەکی گەورەی کوردستان و لە پشتەوەی نزیکەی ١٠٠٠ کەسێک لە ژنان و پیاوان و جگەرگۆشەکانی کورد بوو، کە لە سەنتەری شارەوە بەرەو نزیک پەرلەمان بەڕێکەوتن، بە دروشمی ئازادی بۆ کوردستان. ڕوخانی سەدام. ڕاوەستە، ڕاوەستە، سوپای تورک ڕاوەستە. کە ئەم دروشمانە بە زمانی ئەلمانی دەوترانەوە. خۆپیشاندانەکە کاتژمێر ٢ پاش نیوەڕۆ دەستی پێکردو ٤. ٥ تەواو بو، کە سەرەتا بە سرودی نەتەوەیی کورد ئەی ڕەقـیـب دەستی پێکردو بەشدار بوان سرودەکەیان بە یەک دەنگ دەوتەوە. ووتاری پەرلەمانی کوردستان و یاداشت نامەیەک بە زمانی ئەلمانی و کوردی بۆ پەرلەمانی سویسرا و یاداشت نامەی خۆپیشاندەران بۆ زۆربەی دام و دەسگاکانی جیهانی و عەرەبی و حکومەتی تورکیا و ووتاری پارتی سۆسیال دیموکراتی سویسرا لە لایەن **F. schwarz** وە خۆێندرایەوە.

خەلکی کورد چ لە ناوەوەی کوردستان و چ لە دەرەوە بە توندی دژی هەر دەست درێژیەکن بۆ سەر ژیانی خەلک و خاکی کوردستان و هەر لەسەرەتاوە دژی ئەو قۆنتەراتانە بوون لە لە سەر حیسابی دواڕۆژی کورد کراوە و ئێستاکە ئەنجامەکانی دەردەکەوێت. نە سەدام و خەزرەجی دۆستی کورد بوون و نەکمالیستە شۆڤێنیەکانیش، نە ئەوانەش کە لە کوردستان نارەزای توند دەردەبڕن بێئەخلاق و ئاژاوە گێڕن. ئاژاوە گێڕ ئەوانەن کە یاری بە چارەنوسی گەلی کوردەوە دەکەن و کردویانە و لە سەر حیسابی خوێن و ئەنفال و کیمیاوی باران و برسێتی و دەربەدەری و سوتانی کورد و کوردستان کۆشک و تەلارو بانکەکانیان پر کردوە و شێرن بۆ ڕەشو ڕوتی کورد و وەک ڕێوی گەڕیشن بۆ داگیرکەرانی کوردستان. مێژوش حاکمێکی عادلە وشەرم لە کەس ناکات و مۆری ڕووڕەشی دەنێت بە تە ختی تەوێلی زۆردارانەوە دوور یان نزیک.